را پۆرتەکەی بێکەرو هاملتۆن

وادەخوازێ گوتارو راڤەی نوێ بەرهەم بهێنێت

شێخ سدیق/کەرکوك

رووداوەکەی ١١ سێبتێمبەر ئاراستەی دونیای گۆڕیو سەر لەبەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانو گوتارە سیاسییەکانو ئایدیۆلۆژیاو فیکریشی خستە بەردەم خوێندنەوەو راڤەی نوێەوە..

راپۆرتەکەی بیکەرو هاملتۆن بەقەد رووداوەکەی ١١ی سێبتێمبەر بۆ ئێمەی کورد گەورەو مەترسیدارە، بۆیە ئەم هەلومەرجە نوێیە کە راچەنینێکی بەهێزبوو دەبێت کوردو سەرکردایەتییە سیاسییەکەی خوێندنەوەو راڤەی نوێ بۆ سەرجەم رووداوەکان بکاتو پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمریکاو لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیو وڵاتانی هەرێمایەتیش بگۆڕین، رابردووی خۆمان بە توندی بخەینە بەر رەخنەو کەموکوڕیو ناتەواوییەکانی دیاری بکەینو بە دیدو بۆچوونی نوێوە گوتارێك بەرهەم بهێنین کە دوژمنانمان کەلکی لێ وەرنەگرنو نەتوانن لە رێگەی ناتەواوییەکانمەوە خۆیان بکەنە خۆرەی گیانمان..

کورد لە سێ چوار ساڵی رابردوویدا بەشداری گەورەی بەرکەوتووە، بەڵام نەیتوانیوە ئاکتیڤو کاریگەر بێت لە بەرامبەر کێشەو داخوازییەکانی خۆیدا، تا ئەم ساتەی کە تیایدا بوونمان هەیە جگە لە دەستکەوتەکانی بەهاری ١٩٩١ هیچ دەستکەوتێکی نوێ بەرهەم نەهاتووە، ئەگەر قسە لەوەیە سەرۆکی عێراق کوردەو دەیان وەزیرو دەسەڵاتدارمان لە بەغدا هەیە.. ئەگەر قسە لەسەر ماددەی (١٤٠)ە ئەوا دەیان وەڵام لەلای هەموو تاکێکی کورد دەست دەکەوێت.. لە وەڵامدانەوە بۆ ئەم پرسیارانە لەلای من ئاوایە.. بۆ بیرهێنانەوە کەلکی خۆی هەیەو بریەر ئیمزای لەسەر قانونی مجلس حوکم کرد کە دواتر لەسەر رۆشنایی ئەو یاسایە دەستووری عێراق داڕێژراو زۆرینەی گەلی عێراق لە راپرسیەکدا قبوڵیان کرد.. دەمەوێت ئەوە بڵێم ئەوکات ماددەی (٥٨) لەو یاسایەدا هەبوو بە دیوەکەی دیدا (مجلس حکم) دەیتوانی بە بڕیارێکی تایبەتی سەرۆکایەتی سەرجەم قەزاو ناحیە داپراوەکانی کەرکوك شارەکانی تری کوردستان بخاتەوە دۆخی بەر لە ساڵانی ١٩٧٠کان.. لە کاتێکدا ئەوکات دوو خولی جیاواز لە یەك سەردەمدا دوو سەرکردەی سیاسی کورد هەریەکەیان بۆ ماوەی یەك مانگ سەرۆکی کاتیی عێراق بوون.. دواتر ماددەی (٥٨) لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بوو بە ماددەی (١٤٠) هەر لە عەلاویو جەعفەریو مالیکیەوە تاکو ئەم ساتەش بە ئاشکرا هەریەکەیان بەشێوەیەك لە شێوەکان بەربەستیان بۆ جێبەجێکردنی دروستکردوە، ئێستاش بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی عێراق دەتوانرێ ناوچە داپراوەکان بخرێتەوە سەر کەرکوك.. ئەمانە دەستکەوتنو لەسەرو دەستکەوتەکانی ١٩٩١ بەیەکەوەن کە بە دەست نەهاتوون.. نەمانو هەرەسهێنانی رژێمی دیکتاتۆری کە مەترسییەکی گەورەبوو بۆ سەر وڵاتانی هەرێمایەتی تەنانەت بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش، مەبەستم ئەوەیە داڕمانی بەعس نەك تەنها بۆ ئێمە بەڵکو سەرجەم مرۆڤایەتی دەستکەوت بووە، من قسەم لەسەر ئەمەنییە، قسە لەسەر دوای رووخانو داڕمانی بەعس دەکەم کە کورد راستەوخۆ لەناوکایەکاندا بوونی هەبووە.. ئا لێرەوە تەماشای ئەو دنیا بیینیەی کورد دەکەم بۆ گوتارو پەیوەندیو راڤەکردنی هەڵوێستو بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی کە لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا کورد قوربانیی لەپێناویدا بەخشیوەو خەباتی پڕ لە خوێنی بۆ کردووە.. هەموو ئەوانەش وابەستەنین یان هیچ حیزبێك خاوەنی نییە بەڵکو ئەوە کوردە خاوەنیەتیو لەو خەڵکەش ئەو حزبانە پێکهاتوون.. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەمڕۆ راپۆرتەکەی بیکەرو هاملتۆن قەناعەت بە ئەمریکا بکەنو بۆچوونیان بەو ئاراستەیەدا بەرن ئەوە کورد سەروەرییەکانی لە دەست ئەڕواو کەرکوکیش لەبەین دەبەن، روونتر کورد دەستبەرداری کەرکوك نابێتو قوربانی گەورەتری پێ دەبەخشێ، بەڵام لە کوێوە دەست پێدەکاتەوە؟.

ئەوانەی سەرەوە کە باسمان کردن پەیوەندی بە دواخستنی ئەو کارانەوە هەیە کە دەکرا سەرکردایەتی کورد لە کاتی بەهێزبوونیدا بە دەستی بهێنایە، یان بەلانی کەم بەشێکی دەستی خۆی خستایەتەوە، ئەوکات راپۆرتەکەی بیکەر بەم شێوەیی ئێستا بەرهەم نەدەهات، بۆیە کورد دەبێ ئەم هەڵەو کەمو کوڕییانەی خۆی بە توندی بخاتە بەردەم رەخنەو بە گوتارێکی نوێوە مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەدا بکات، ناشبێت بڕواو متمانە بە هیچ دەوڵەتێکی بێگانە بکات لەسەرو هەموویانەوە ئەمریکا، دەبێ کورد کەڵك لە فرسەتو وەختی خێرا وەربگرێت یاریچییەکی کارامەبێت لە گۆڕەپانی ململانێیە سیاسییەکانو دەوڵەتەکانو بەرژەوەندییەکانیدا، ئەوانەی بەرهەمەکانمان دەدزن، هەرکاتێ بەرژەوەندییەکانیان کەوتە مەترسییەوە ئێمە لە پێش هەموو ئەوانەوە دەفرۆشرێن کە ئەمڕۆ رۆژانە بەناوی مقاوەمەوە دەیانکوژن.. بۆیە کورد دەبێت لەو معادەلەیە بێتە دەرەوە چونکە هەموو رابردووی ئێمە مێژوویەکە، ئەوانەی خۆیان بە دۆستی ئێمە زانیوەو ئێمەش لە هەموو کەس زیاتر دۆستی ئەوان بووین لە دوا ساتەکانی سەرکەوتنو بەدەستهێنانی ئامانجەمانمان بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئێمەیان غەرقی خوێنکردووەو سەرلەبەری شۆڕشەکانیان لە بنەوە هەڵتەکاندووینو لە ئەی رەقیبەوە دەستمان پێکردۆتەوە..

بە بڕوای من ئەگەر لە دوای راپۆرتەکەی بیکەرو هاملتۆن بە هەمان عەقلیەتو گوتارەوە کاربکەین ئەوا نەك دەسەڵاتی هەرێمەکەمان کەمدەکەنەوە بەڵکو ئەوکات دەڵێن کورد نابێ پەرلەمانو حکومەتیشی هەبێتو کەرکوکیش دەبێ تەنها بەسەردان سەری لێ بدەینو لە سلێمانیو هەولێرەوە کۆنفرانسی کەرکوك گرێ بدەین.

فەرهەنگی ڕێگا

سندوقی نێودەوڵەتی دراو

International Monetery Fund

سندوقی نێودەوڵەتی دراو (I.M.F) رێکخراوێکی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکانەو لە ساڵی ١٩٤٤دا، لەسەر بریاری (٤٤) وڵات لەکۆنفرانسی (برتۆن ڤودس-Brttton Voods) لە ئەمریکا پێکهاتو بەشێوەیەکی فەرمی لە ساڵی ١٩٤٥دا دەستبەکاربوو.

ئامانجەکانی ئەم سندوقە برێتین لە: ١- پەرەپێدانی هاوکاری پێویست لە نێوان وڵاتاندا. ٢-دروستکردنی سیستەمێکی دراوی. ٣-پەرەپێدانی بازرگانی نێودەوڵەتی. ٤-بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان. ٥-سپاردنی سەرمایە بە سندوق. ٦-سەقامگیرکردنی نرخی ئاڵوگۆڕەکانو چەند بابەتێکی گرنگی دیکە.

هەر ئەندامێکی سندوقەکە پێویستە ساڵانە ئابوونەی ئەندامێتی بدات، کە بەشێکی بەشێوەی زێڕ یان دۆلار دەبێتو پاشماوەکەشی بە دراوی نارخۆیی ئەو وڵاتەیە، ئەنجومەنی گشتی لە نوێنەری هەموو ئەندامان پێکدێت، کە دەستەیەکی کارگێڕی لەناوخۆیاندا هەڵدەبژێرن تا کارەکانی سندوق بەڕێوەبەرێت، هەر وڵاتێکی ئەندام پاش پەسەندکردنی دەستەی کارگێڕی دەتوانێ بۆ چارەسەرکردنی گرفتە داراییەکانی قەرزی کورت خایەن وەربگرێ، بە مەرجێك بڕی قەرزەکە لە ٢٥٪ی مافی ئەندامێتی پتر نەبێت، هەروەها هیچ وڵاتێك ناتوانێت بێ رەزامەندی دەستەی کارگێڕی نرخەکان پتر لە ١٠٪ زیاد بکات.

دەستەی کارگێڕی لە دوازدە ئەندام پێکدێت کە کاروباری گشتی سندوقەکە بەڕێوە دەبەن، پێنج کەس لە ئەندامانی دەستەی کارگێڕی لەلایەن ئەو پێنج وڵاتەوە دادەنرێن کە گەورەترین پشکیان لە سندوقەکەدا هەیەو حەوت کەسەکەی دیکەش لەلایەن ئەنجومەنی گشتییەوە هەڵدەبژێردرێن، ئەنجومەنی گشتی کۆبوونەوەی ساڵانەی هەیەو دەسەڵاتەکانی خۆی دەبەخشێتە دەستەی کارگێڕی.

***بەسوود وەرگرتن لە فەرهەنگی رامیاری (نیگا) ئامادەکراوە کە لە ئامادەکردنو وەرگێڕانی (ئازاد وەڵەدبەگی)یە.**

***ناڕەزایی دەربڕان سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی بە (تاوانباری جەنگ) لەقەڵەم دەدەن سەبارەت بەو رۆڵەی لە عێراق هەییووە**

* جێگری پێشووی رامسفێلد ئەو کارەساتانەی هێزەکانی هاوپەیمانان بەسەر عێراقیان هێنا بەگونجاو دائەنێ لەئاست ئەو هەوڵانەی ئەمریکا ئەیدات بۆ پاراستنی ئەمنی عێراق

ئەتلانتا (ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)
و. عەبدولکەریم شوانی

ئەوانەی دژی جەنگی دژ بە عێراقن قسەیان بەسەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی بۆل وولفۆتیز بڕی کاتێ لە پەرستگای (ئەهاناث ئەتشیم)و بە (تاوانباری جەنگ) وەسفیان کردو وتیان، ئەو ماوەیەی پێش جەنگی عێراق درۆت کردووە.

وولفوتیز پێشان جێگری وەیزری بەرگری ئەمریکا دۆناڵد ورامسفێلد بوو، یەکێك بوو لە بانگەشەکارانی سەرەکی جەنگ دژی عێراق، لە ئەتلانتا لەناو پەرستگایەکی جوولەکەدا باسی گرنگی ئەفریقای ئەکەرد بۆ ئەمریکا، لەکاتی وتار خوێندنەوەکەیدا پیاوێك بە جلوبەرگێکی رەنگ پرتەقاڵییەوە لەبەردەم ئامادەبووان بەبێ دەنگی راوەستا، ناڕەزایی دەربڕان ئەو رەنگە بەهێمای ئەو جلوبەرگە دائەنێن کە زیندانیەکانی بنکەی کەنداوی گوانتانامۆ لەبەری ئەکەن لە کوبا.

ئەو ژنەی ئەیانویست لە پەرستگاکە بیکەنە دەرئەوە هاواری ئەکرد (تۆ دەربارەی جەنگی دژ بە عێراق درۆت کرد، تۆ تاوانباری جەنگی).

ئامادەبوان بەهاوارو گاڵتەجاڕی رای خۆیان دەربڕی، هەندێکیش ئەیانوت ئەبێ رێ بدرێ بەناڕەزایی دەربڕینی بێ دەنگی، لە دەرەوەش نزیکەی ٢٠ کەس لافیتەیان هەڵگرتبوو کە دژی وولفویتزو جەنگ بوو.

وولفویتز وتی ئەم مەنسەبەی ئێستام رێم پێنادات باس لە عێراق بکەم، بەڵام لەوەڵامی پرسیارەکاندا گفتوگۆی لەسەر سیاسەتی بانکی نێودەوڵەتی کرد سەبارەت بە کاروباری عێراقو بەرگری لە واشنتۆن کرد سەبارەت بە جەنگی دژ بە عێراق.

وتی: (ئەوەی کە پەیوەندی بە عێراقەوە بێت من لەو بروایەدام دادپەروەریو وردبینییە کە بوترێ - ئێمە جەنگمان لەپێناوی نەوتدا نەکرد). هەروەها زۆر بەراشکاوانە ئاماژەی بەو مشتو مڕە رەسمیە کرد کە پێش هەڵگیرسانی شەڕ ئەکرا واتە پێش ٢٠٠٣ دەربارەی چەکی کۆکوژی لە عێراق (کاتێ کە بڕیارە قورسەکان ئەدرێ سەبارەت بە ئاسایشی ئەمریکا ئەبێ زۆر گرنگی پێ بدرێ ،ئێمەش ئەوەمان کرد).

هەروەها وتیشی، رەوشی ئاسایشی عێراق بەربەستن لەبەردەم ئاوەدانکردنەوەدا، بەڵام بانگی نێودەوڵەتی رێنمایی بەغدای کردوە دەربارەی چۆنیەتی دابەشکردنی سامانی نەوت، ئەو پرسیارە گەورەیەی لەزۆر لایەنەوە روو بەڕووی عێراق دەبێتەوە ، ئەویش سیاسەتی بڕیار دانە سەبارەت بە ئیدارەی سامانە گشتییەکان، ئاماژەی بە دەسکەوتەکانی نەوتی وڵاتدا.

دیموکراتیەکان کە لەسەرەتای کانونی دووەمدا دەسەڵاتی کۆنگریس دەکەوێتە دەستیان بەڵێنیان داوە چاو بە سیاسەتی ئەمریکادا بخشێننەوە سەبارەت بە رەوشی عێراق، لەوانەش ئاوادانکردنەوەو سەقامگیری قۆناغی پاش جەنگ.

چاوپۆشیکردن لە فایلدارەکان تاوانە

هیوا ئەحمەد محەمەد

لە کام وڵاتی دونیادا خەڵکانی خائینو سیخوڕو جاش رێزو حورمەتیان لێدەگیرێتو لە ژیانێکی پڕ لە خۆشیدانو بۆ هەر جێگایەك بڕۆن دەرگاکانیان بۆ کراوەیەو ئیشو کاریان بەبێ وەستان بۆ رایی دەکرێت؟! ئەوە تەنها لە وڵاتی ئێمەدا ئەو ناحەقەییە بەدیدەکرێو برینی کەسو کاری ئەنفالکراوو شەهیدان بەردەوام بە بینینی ئەو دیمەنە ناشیرینانە دەکولێتەوە.

لە دوای رووخانی رژێمو ئاشکرابوونی نهێنییەکانی ئەمنو موخابەرات هەزاران بەڵگەو دیکومێنت کەوتە دەست جەماوەرو خەڵکی کوردستان، تاوانی سەدان کەسی ئەم کوردستانە ئاشکرابوو کە ژێر بە ژێر سیخوڕییان بۆ رژێمی بەعسی فاشی کردووەو تاوانی گەورەیان بەرامبەر کوردستان کردووە کە هەرگیز نابێت لە ژێر هەر ناونیشانو پاساوی نابەجێدا بەرگریان لێ بکرێتو رووی رەشیان سپی بکرێتەوە.

ئەوەی جێگەی نیگەرانی سەرجەم جەماوەری کوردستانە، ئەو سیخوڕانە لەسەردەمی شاخدا پلەو پایەی دیاریان لەنار شۆڕشدا هەبووەو تا ئێستا لە شوێنەکانیان ماونەتەوەو کەس لە کوردستان لە گوڵ کاڵتری پێ نەوتوونو ئەڵێی هەر ئەوانیش نەبوون، زۆر بێ شەرمانە زمان درێژی دەکەنو لە پێگەو شوێنەکانی خۆیان ماونەتەوە کە خەڵك لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەیانبینێتو تووشی سەرسامیو تاساندن دەبن.

لە کاتی باسکردنی ئەنفالکردنی بارزانییەکاندا لەلایەن سەرۆکی دۆڕاوی عێراق، ئا لەو کاتو ساتەدا خەڵکانێك چەپڵەیان بۆ ئەو دیکتاتۆرە لێداوە، بەڵام ئێستا سەد حەیفو مەخابن ئەو خائینانە بەرزترین شوێنو پێگەی لێپرسراوەتیان هەیە لە سایەی خوێنو فرمێسکی کەسو کاری شەهیداندا.

ئەوانەی کە سیخوڕییان بەسەر سەرکردەو شۆڕشگێڕانەوە کردووە بێ باکانە دەسوڕێنەوە، نەك هەر ئەوە بەڵکو لە پێگەی هەستیاردانو بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بەرگرییان لێدەکرێت بە پاساوی نابەجێ، کە بووەتە مایەی نیگەرانی هاوولاتییانو شەقامی کوردی !! ئەو موستەشارو جاشانەی سەرباری ئەو هەموو تاوانە قێزەونانەی دەرهەق بە گەلو خاکی کوردستان ئەنجامیانداوە کە بە هیچ شێوەیەك نەدەبوو بەر لێبوردن بکەوتنایە چونکە تاوانی ئەوانە تاوانی گەورەی خۆفرۆشتنو خاپورکردنی کوردستانو بێ سەروشوێنکردنی رۆڵەکانی بووە، تەنانەت ئەو خائینانە لە بەعسیەکان زیاتر سوورتربوون لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا وەك لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە، دوای ئەو لێبوردنە بەشێکی زۆریان پەیوەندییان بە رژێمی بەعسەوە نوێکردۆتەوە سیخوڕییان لەسەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان کردووە، ئایا ئەوانە دەبێت چاوپۆشیان لێبکرێت؟ چاوپۆشی کردن لەو خاوەن دۆسیانە تاوانە..

ئەوانە دوو جار پێویستە دادگایی بکرێن، جارێك لەسەر تاوانەکانی پێشوویانو جارێکی تر لەسەر دووبارەکردنەوەی خیانەتیان بۆ داگیرکەرانی کوردستان.

کەسو کاری ئەنفالو شەهیدانو جەماوەری کوردستان لەسەر دەستی ئەم خائینانە نەهامەتیو کوشتنو تاڵانو ماڵوێرانی زۆریان بینیوە هەرگیز رازی نابن ئاوا لەو ژیانە پڕ لە خۆشییەدا رابوێرن، برینی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفال سارێژ نابێت تەنها بە دادگایی ئەو خۆفرۆشانە نەبێت.

ئەوە جێگەی نیگەرانییە لە دەستپێکی دادگایی سەدامو دارو دەستەکەیدا لەسەر پرۆسەی ئەنفال تا ئێستا یەکێك لە شایەتو قوربانی ئەنفالەکان ناوی جاشێکیان نەهێناوە بۆ ئەوەی لە بەردەم دادگادا تۆڵەی ئەوانەیان لێبکرێتەوە کە تا ئێستاش کەس نازانێ گۆڕەکانیان لە کوێیە.

بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم بۆ درووستکردنی لیژنەیەك لە دۆسیەی سیخوڕەکان پێویستە ئاکامێکی رای لێبکەوێتەوە کە تۆڵەی گەلو کوردستان لەو خائینانە بکرێتەوە تا ببنە پەندو عیبرەت بۆ هەموو نەتەوەکانمان لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا کە هیچ کوردێك بیر لە خیانەت نەکاتەوە.